نێلیدا فوکارۆ

# کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا

و. لە ئەڵمانییەوە:
هەڵۆ بەرزنجی

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٢

کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا
نێلیدا فوکارۆ
وەرگێڕانی: هەڵۆ بەرزنجی
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٢
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (١٠٢١) ساڵی ٢٠١٢
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تیراژ: (٢٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (٣)

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەدەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیار**

ڕەنج جەعفەر

کورد لە میدیای جیهانیدا

# بەرایی

دروستبوونی شێوەی جیاجیای ناسیونالیزم لەوڵاتانی عەرەبیو رۆژهەڵاتی نێزیکدا، بەتایبەتی لەهەناوی سەردەمی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسیدا، جێی بایەخە بەپەیوەستکردنی لەگەڵ گەشەکردنی هەستی "نەتەوایەتی" گروپو ئیتنە ناعەرەبەکانو بایەخیان بۆ پرۆسەی پێکهێنانی نەتەوە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستیو دەستەبژێری ئیلێتی سونی عەرەبەوە دیاریکراوە.



ئەم نووسینە رەوشی کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی فەرەنسی ١٩٢١ ـ ١٩٤٦ لەگەڵ تایبەتمەندی لەبەرچاوگرتنی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەییانەی کورد لای رۆشنبیرو سەرەك خێڵەکان دەخاتە روو.

لە هەلومەرجی سوریادا دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی لەسەردەمی ئیدارەی فەرەنسیدا لەتەك گەشەسەندنو رەواجی ناسیونالیزمی عەرەبیدا رووبەڕوو بووەوە کە ببووە ئایدۆلۆژیای سەرەکیو مەزن لەخەباتی دژی ئیمپریالیزمدا.

ناسیونالیزمی عەرەبی کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر گەشەسەندنی سیاسەتی دەوڵەتی کۆلۆنیالی سوریا گێڕاو پاش ١٩٤٦ بووە پرەنسیپی سیاسی، کە سیاسەتو کۆمەڵگای سەربەخۆی سوریای نەخشکرد، ئەو رۆڵەی کورد لەو پرۆسیسەی دەوڵەت دروستکردن

لە سوریا گێڕای، لە ڕێگای بەشداریکردنەوە یاخود ئۆپۆزیسیۆنەوە بێگومان کەم بایەخترە لە ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نزیك.

- دیاردەی جیاوازی جیۆپۆلیتیکی کۆمەڵایەتی ئابووری‌و کولتووری ئەو ناوچە کەمە کوردنشینە پەرشوبڵاوانە لە ناوچەکانی سوریا، دەکرێت وەك هۆیەك بۆ نەبوونی یەکێتی‌و نادیاری بڕیاردانی سیاسی بزاڤی ناسیونالیستی کوردی تەماشا بکرێت. لەسەرو ئەمانەشەوە کورد لە سەردەمی سوریای مانداتی فەرەنسادا تەنها ٥-٧٪ تێکڕای دانیشتوانەکەیان پێکدەهێناو خۆڕێکخستنی ناسیونالیستانەی کورد بەزۆری لەلایەن بەرژەوەندی ناسیونالیستی‌و ئینتەرناسیۆنالیستی دەسەڵاتی مانداتی فەرەنسا ئاستەنگی دەخرایە بەردەم. بەر لەهەر شتێ بە هۆی پەیوەندی مانداتی ناوبراوەوە بە ناسیونالیزمی



عەرەبی‌و کەمالیستی تورکیاوە. هەڵبەتە کورد بەوشێوەیە ڕۆڵێك لە گەشەسەندنی سیاسەتی ئیتنی لە سوریای کۆلۆنیالدا دەگێڕا. کاتی خۆی وەك گروپێکی نا عەرەبی یاخود ناموسڵمانی مومکناتی داواکارییە شیاوەکانیان سەبارەت بە گەشەسەندنی ناسنامەیەکی خودی لە پلانی فەرەنسیدا تێهەڵکێش دەکرا، بۆ ئەوەی زیادبوونی تاوی ناسیۆنالیستی عەرەبی پێ هاوسەنگ بکەن. لە کاتێکدا سیاسەتی فەرەنسی بەرانبەر بە دۆزی "عەلەوی‌و مەسیحییەکان" بەدروستی مامەڵەیان لە تەکدا دەکرا، وا هەڵوێستی ئیدارەی فەرەنسی لەهەمبەر کوردو گەشەسەندنی ناسیونالیستی کوردی هەتا ئەو کاتە فەرامۆشکارانە بوو.

وەك وتمان ئەم نووسینە تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوە لەگەشەسەندنی تایبەتی ناسنامەی کوردی لەسوریا، لەژێر کاریگەری سیاسی‌و کولتووری ناسیونالیزمدا،

کە لەنیوەی دووەمی ساڵانی بیستدا هاتە کایەوە. پاشخانی ڕاڤەکردنی ئەم گەشەکردنە لەو ساتەوەختەدا لە نێوان جەنگی جیهانیدا بریتی بوو لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالی پەرەسەندنی ناسیونالیزمی عەرەبی‌و زیادبوونی دەسەڵاتی ناوەندێتی دەوڵەت.

**سەرنج:**

ئەو بابەتە لە ماڵپەڕی ئەمڕۆ بڵاوبۆتەوە، دوای ئەوەی لەرێگەی ئیمەیڵەوە پەیوەندیمان بە وەرگێڕەوە کرد ڕەزامەند بوو لەسەر ئەوەی وەك نامیلکە لەزنجیرەکەمان بڵاویبکەینەوە.
(سەرپەرشتیار)



# کوردی سوریا
## یەکگرتویی‌و هەمەجۆری
## لەژێر دەسەڵاتی مانداتی فەرەنسیدا

سەرەتای ساڵانی چل نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ ـ ٢٢٠٠٠٠ هەزار کورد لە سوریا هەبووە لەوانە نزیکەی ٢٢٠٠٠ هەزاریان لە تورکیاوە هەڵاتبوون. ئەم کوردانە پاش نسکۆی شۆڕشەکەی شێخی نەقشبەندی، شێخ سەعیدی خەڵکی پالۆی ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ساڵی ١٩٢٥ لە سوریا گیرسابوونەوە. ئەم ڕاپەڕینە بنەمایەکی ناسیونالیستی بەهێزی هەبووەو بناخەی دەوڵەتی تورکی لەرزاند، بووە مایەی زیادکردنی سیاسەتی کوشتوبڕی کەمالیستەکان بەرانبەر بە دانیشتوانی کورد. لە ناوچە

كوردنشينەكاندا گروپی كۆچكردوو لە كوردستانی توركياو عێراقەوە هەبوو كە لە باكوری سوريادا لە كۆنەوە نيشتەجێببوون. لەسەردەمی ئيمپراتۆريێتی عوسمانيدا ژمارەی كورد لە سوريا دەژيان بەخێرايی زيادی دەكرد. بەهۆی كۆچپێكردنی خێڵە كوردەكانو خستنەكاری تيپێك لە سەربازی كورد بەر لە هەر شتێ لە ديمەشق، دەبوو رێگای حەج بەرەو مەككە بپارێزن.

لەگەڵ دروستكردنی سيستمی دەوڵەتێك پاش جەنگی جيهانی لەم ناوچەيەدا، ناوچە كورديیەكان لەباكووردا بە تايبەتی بە كێشانی سنووری (سوريا-توركيا) دووچاری ئەوە بوون ببنە پاشكۆی ئاكامی رێكەوتننامەی لەندەنی ساڵی ١٩٢١ كە لە نێوان فەرەنساو توركيای كەماليستی. وەك دەرئەنجامێك رێكەوتن لەسەر سنووری ناوچەی قەدەغەكراوی كوردی لە سەرووی جەزيرە لە باكووری



رۆژهەڵاتو لە ناوچەی جەرابلوزی چياكانی كوردستانی توكياو ناوەندی جەزيرەی ئيبن عومەر ماردين، نوسەيبينو ئورفە كە ئێستا دەكەونە ناو سنووری توركياوە دابڕێندران.

زۆر خێڵی نيمچە كۆچەری كوردی ناچاركران كۆچو رەوی وەرزیو شێوەی ژيانيان بگۆڕن. بە پێچەوانەی ئەمەوە (جبل الاكراد) بە توركی (Kurd Dagl) لە باكوری رۆژاوا بە تەواوی خرايە سەر سوريا، بە بيانووی ئەوەی گوايە بە گشتی يەكەيەكی كۆمەڵايەتی ـ ئابووری يەكپارچە پێكدێنن. ئەم ناوچەيە كە سەدان ساڵە خێڵە كوردەكان لێی نيشتەجێبوونو خەڵكەكەی خەريكی كشتوكاڵ كردن بوو بە تەواوی لە باری جوگرافييەوە سنووردار كرا. گرنگترين گۆڕانكاری كۆمەڵايەتی ـ ئابووری كە كاری لە دانيشتوانی كورد كرد لە باكووری سوريا لەسەردەمی ماندانی فەرەنسيدا

بوو، ئاکامی گەشەسەندنی بەرفراوان بەرەو نیشتەجێبوون بوو. ئەم گەشەسەندنە بەهۆی کێشانی سنوور(١٩٢٩ بە پێی رێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی دیاریکراو) بەڕێوەبراو لە رێگای پلانی فەرەنسی بۆ بەکارهێنانی زەویوزار بەتایبەتی جەزیرە بوژایەوە. هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی زەویوزار لەتەك داگیرکاری سەربازی باکووری سوریا لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ ـ ١٩٣٠دا خرایە گەڕ، داوای سەرلەنوێ نیشتەجێکردنی گشتگری خەڵکی ناوچەکەیان دەکرد، چونکە لەژێر دەستڕۆیی ناسیونالیزمو چالاکی سەربازی جەنگی جیهانی تووشی مەینەتی ببوون. گەشەکردنی کشتوکاڵی جەزیرە پێویستی ناوەندی بازرگانی خولقاند، کە زیانی ترادیسیۆنی بازاڕەکانی ئەم ناوچەیە لە ١٩١٩وە کەوتبوونە هەرێمی دەوڵەتی تورکیا، وەك یەکیان لێبکاتەوە. لە ئاکامدا ئیدارەی سەربازی فەرەنسی شارەکانی حەسەکەو قامیشلی



دروستکرد، کە بوونە ناوەندی ئیداریو ئابووری ناوچەکە. ساڵی ١٩٣٢ بەشێکی زۆری کۆچەرە کوردەکانی پێشووی رۆژهەڵاتی باکوور نیشتەجێبوون، تەنها خێڵی میرانو میللی کۆنفدراسیۆن نەبێ، کە لە کەناری ناوچەکانی کشتوکاڵییەکاندا دەژیان، بەردەوام کۆچ ڕەوی وەرزانەی خۆیان لە نێوان تورکیاو ئێراندا هەر دەکرد. لەسەر ئاستی کولتووریدا جیاوازییەکی روون لە نێوان کوردی دانیشتووی شارو لادێدا هەبوو. ئەو کوردانەی لە شارەکاندا دەژیان زۆربەیان تێکەڵ بە گروپی دانیشتوانی شارەکان ببوون، کە سەدان ساڵ بوو لە ناو کولتووری شارستانی کۆمەڵگای عەرەبدا توابوونەوە، بە تایبەتی ئەوانەیوەك سەربازو فەرمانبەری ئیدارەی عوسمانی بوون.

لەدیمەشق کە گرنگترین شاری نیشتەجێبوونی کورد لە سوریا پێکدێنێ ٤٠٪ دانیشتوانەکەی بە

عەرەبکرابوون. کەسایەتییە گرنگەکانی وەك (محەمەد کوڕی عەلی بیریارێکی سەرکردەی ناسیونالیستی عەرەبیو خالد بەگداش ) کە لەساڵی ١٩٣٦دا پارتی کۆمەنیستی سوری دامەزراند سەر بەم گروپە کوردەن . بە شێوەیەکی سروشتی ئەو خێڵە کوردانەی لە جەزیرە یاخود لە جبل الاکراد تێکەڵ بە کەمینە ئێتنیو ئاینییەکانی دانیشتوانی ناوچەکە نەئەبوون، کە لەتەك کورددا بەدەوی عەرەبیو چەرکەسو تورکمانو دیانو جولەکە هەبوون، ڕێگەی تێکەڵاویو پێکەوە گەشەکردنی کولتوورێکی هاوبەشیان نەدەدا.

لەراستیدا وا بەدەردەکەوت کە زمانی کوردی لە سوریا تاکە بەلگەی هەمیشەیی بێت بۆ بەهای کولتووری کوردی لە کاتێکدا پەیوەندارێتی مەزهەبی لە نێو کورددا فرە جۆر بوو. بە لەبەرچاوگرتنی زۆرینەیەکی موسڵمانی سوننی، بەر لەهەرشتێ لە نێو



شارەکانی ناوچەکەدا، ژمارەیەکی بەرچاوی دیانیو جولەکەو یەزیدی هەبوون کە لە جەزیرە دەژیان. سەرچاوە سورییەکانی ساڵانی پەنجا نیشانی دەدەن لەسەرەتای ساڵانی چلدا ٥-٨٪ دانیشتوانی سوریا کوردزمان بوون، کە بە زۆری بە کرمانجی دەئاخڤین. ئەم ژمارە بڕەك لە ڕێژەی کەمەنەتەوەیی کورد زیاترەو سەرژمێری فەرەنسییەکان بە ٧-٨٪ دەیقەبلێنن.

ئەگەرچی ئەم تایبەتمەندێتییە بە ژمارەی جیاواز جیاوازەوە روونی دەکاتەوە کە هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دیانو جولەکە هۆکارێکی ئەم جیاوازییانە بێت، کە پاشخانی کوردبوونیان لە لای فەرەنسییەکان، کاتێ سەرژمێرییان ئەنجام دابوو ئاشکرا نەبوو. هەڵوێستی سیاسی کوردانی سوریا بەرانبەر ئیدارەی مانداتی فەرەنسی لە بوونی بەهێزی هەستی خێڵەکیو

جگەرسۆزی مەزهەبی لە گوندەکانی ناوچەی باکووردا ڕەنگی دایەوە. سەرەتای ساڵانی بیست کە فەرەنسییەکان ناوچەکەیان داگیرکرد، چ کەمالیستەکانو چ پان-موسڵمانەکان پڕوپاگەندەی زۆریان بڵاودەکردەوە بۆ ئەوەی نائارامیو ئاژاوە لە نێوان هۆزەکاندا بەرپا بکەن.

کۆمەڵگای کوردی لە دیمەشق زۆربەیان خۆشحاڵبوون بە دەسەڵاتی فەرەنسی. مەلیك فەیسەڵو لایەنگرەکانی لە نێوان (١٩١٨ـ١٩٢٠)دا حکومەتێکی کورت تەمەنی عەرەبی لە سوریا دروستکرد. کوردیان بەهۆی وابەستەیی بەئیدارەی رابردوویی عوسمانیو هەڵوێستی سەر بە عوسمانیان لەسەردەمی شەڕدا بەگومانو خراپەکارییەکی گەورەزانی. لەبەر ئەم هۆیە کوردانی دیمەشق بەخۆشحاڵییەوە گۆڕانی حکومەتیان قەبوڵ دەکرد.



# خۆیبوونو ئەرمەنییەکان
## ١٩٢٧ ـ ١٩٣٢

سەرهەڵدانی پڕوپاگەندەی ناسیونالیستی کوردی بە ڕێکوپێکیو نەخشە بۆ کێشراو لە سوریا پاش جەنگی یەکەمی جیهانی هاوجووتە لەگەڵ دامەزراندنی (خۆیبوون) کە پاش ساڵی ١٩٢٧ هاتە کایەوەو ڕێکخراوێکی ناسیونالیستی بوو کە بارەگای ناوەندی لە بەیروت بوو. لقی لە دیمەشق، حەڵەبو حەسەکەو هەروەها لە تورکیاو عێراق، پاریس، لەندەنو دیترۆیت هەبوو.

خۆیبوون کوردە ناسیونالیستە چالاکەکانی لە هەموو پارچەکانەوە لەخۆ کۆکردبووەوە. لەوانە

رۆشنبیران‌و ئەفسەرەکانی سەردەمی عوسمانی‌و سەرەك خێڵەکان‌و گەلێ کوردی ناسیونالیستی لەتورکیاوە پەیوەندی پێوەکردن، بەتایبەتی پاش تێکچوونی پەیوەندی کوردو تورك لە ١٩٢٥دا بە نسکۆی گەورەترین راپەڕینی کورد بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدو هەڵاتنی گەلێ لە کوردان بۆ سوریا، لە نێو ئەم ناسیونالیستانەدا هەرسێ برا جەلادەت‌و کامەران‌و سورەیا بەدرخانی نەوەی بەدرخان بەگی دوا میری میرانی بۆتان کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا دژی ئیمپڕاتۆرێتی عوسمانی راپەڕی، بەدرخان بەگ کە هەتا هەنووکە لەمیتۆلۆژیای کوردیدا بە باوکی ناسیونالیسزمی کوردی دادەنرێ، لەتورکیای عوسمانیدا گەورە ببوو لەژێر کاریگەرێتی باپیریدا میر عەلی بەدرخان پەیوەندی بە بزاڤی ناسیونالیستی کوردەوە پەیدا کرد، عەلی بەدرخان بەگ یەکێکە لەدامەزرێنەرانی (جمعیە تەعاون‌و ترقی کوردی) کە



یەکەم رێکخراوی ناسیونالیستی کوردە لە ساڵی ١٩٠٨دا لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە.

لەنێو ئەندامانی دامەزرێنەری خۆیبووندا چەندین ناسیونالیستی دیکە هەبوون کە کاتی خۆی چالاکانە لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکاندا بەشداری خەبات بوون، لەنێو ئەمانەدا مەمدوح سەلیم بەگی سکرتێری رێکخراوی یانەی کۆمەڵایەتی کە لەساڵی ١٩٢٠دا لەئەستەمبوڵ لەلایەن عەلی بەدرخان خانەوە دامەزرا بوو. مەمدوح سەلیم ئەندامی هەمیشەیی کۆمیتەی خۆیبوون بوو لە حەڵەب، ئەگەرچی دامەزرێنەرانی خۆیبوون بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە هەموو ئەو رێکخراوە ناسیونالیستانە لەمەو پێش لە تورکیا کاریان کردووە لە خۆگرتووە، ئاشکرایە کە درێژەی چالاکی سیاسی بنەماڵەی بەدرخانییەکانی ئەنواند، کە ئەندامەکانیان لە ساڵی ١٩١٩وە پشتیوانی لە

بیرۆکەی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن.
دامەزراندنی خۆیبوون قۆناخێکی نوێی لەپەرەسەندنی ناسیونالیزمی کوردی نیشان دەدا. سەرەتا خۆیبوون هەوڵیدا نەخشەیەك بۆ نوسینگەیەکی پروپاگەندەی سیاسی ڕێکخراوێکی سەربازی لە چیاکانی ئارارات لە کوردستانی تورکیا بکاتەوە، سوپاسالاری هێزە کوردییەکان بەرپرسیار بوو بۆ مەشق پێکردنو راهێنانی کوردان لەناوچە جیاجیاکاندا، ئامانجی سەرەکی لەمەدا ئەوەیە، لەژێر فەرماندەی جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشادا کە سوپاسالارێکی کۆنی سەردەمی سوپای عوسمانی بوو، زەمینەی راپەڕینێکی گشتی دژی حکومەتی تورکی خۆش بکات، بۆ ئەمە هەموو ئەندامە چالاکەکانی خۆیبون لەسوریا، تورکیاو عێراق لەنێوان ١٩٢٧_١٩٣٢ لەم بوارەدا هەوڵ بدەن هۆزە کوردەکان بۆ راپەڕینی ئارارات ببیننو خڕبکەنەوە، ماوەیەکی کورت پاش دامەزراندنی خۆیبون ١٩٢٧



ئیحسان نوری پاشا دەستی کرد بەچالاکی پێشمەرگانە دژی حکومەتی تورکی کە لەساڵی ١٩٢٨ دا بەرەو دامەزراندنی کۆماری ئاراراتی کوردی دەچوو. ساڵی ١٩٣٠ سوپای تورکی راپەڕینی ئیحسان پاشای خامۆش کردو سەرکردەو پێشمەرگەکانی ناچارکرد بەرەو ئێران هەڵبێن، سەرباری نسکۆی راپەڕینی ئارارات خۆیبون یەکەم ڕێکخراوی ناسیونالیستی کوردی بوو، کە هەوڵی پروپاگەندەیەکی بەرفراوانیدا لە نێو هۆزە کوردەکاندا، تاوەکو زەبری لەشکری بەردەوام بێ‌و تواناو هێزی یەکگرتووی هۆزە کوردەکان زیاد بکات. بەر لە ١٩٢٧ ناسیونالیستە کوردەکان مەیلێکیان هەبوو خەباتیان لە ناوچەکەدا سنووردار بوو، چالاکی کۆکردنەوەی راپەڕینی هۆزە کوردەکانیان لاواز بوو.

بە دڵنیاییەوە خۆیبوون بەجۆری لەجۆرەکان مانایەکی دیکەی بە بەهاکان بەخشی، وەك ئایدۆلۆژی

خەباتی چەكداری كە ئیلهام لەخەباتی سەربەخۆی ئەمەریكای لاتینی وەردەگرێتو كوردیان بەزمانێكی مۆدێرنیزمی ناسیونالیستی پەروەردە دەكرد. تایبەتكارییەكی گرنگ بۆ چالاكییەكانی خۆیبونو گەشەكردنی زیاتری ناسیونالیزمی كوردی لە سوریا كاریگەرێتی ناسیونالیزمی ئەرمەنی بوو. ناوەڕاستی ساڵانی بیست سوریا بووە ناوەندی پروپاگەندەی ناسیونالیستی ئەرمەنی. دەرفەت هەڵكەوت گرنگترین رێكخراوە ناسیونالیستەكانی ئەرمەن دوای خەباتی نهێنی لە توركیا لەسەر خاكی سوریا سەرهەڵبداتەوە، لەسەرو ئەمانەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٢١ ـ١٩٢٥ نزیكەی ٥٥٠٠٠ هەزار ئەرمەنی بە هۆی زیادبوونی گوشاری كەمالیستەكانی توركیاوە بەرەو سوریا هاتن. لەدەمی دامەزراندنی خۆیبونەوە ١٩٢٧ رێكخراوی تاشقان كە پارتێكی ناسیونالیستی ئەرمەنی بوو بارەگای سەرەكییان لە حەڵەب بوو. رۆڵێكی سەرەكی



گەورەیان هەبوو لە بونیاتنانی سیاسەتی خۆیبونو پشتیوانی چالاكییەكانیان لە سوریا دەكردو كۆمەكی راپەڕینی ئاراراتیان لە رووی دارایی، سیاسیو لۆجستییەوە دەكرد. لەسەر ئاستی سیاسی هاوپەیمانێتی كوردـئەرمەن لە سوریا بە هۆی كۆنفرانسی ئاشتی ١٩١٩ی ڤیرسای گیرابوو، زیاتر بەرەو پێشەوە چوو.

پاش كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانی هەردوو كۆمەڵە هەوڵیاندا بناخەیەك بۆ پێكەوە كاركردن لەسەر بنچینەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ خۆیان بدۆزنەوە. ئەم هاوپەیمانێتییە بەردەوام لەهەردوو لاوە پێشێل دەكرا. لەلایەكەوە بە هۆی هەراو داواكاری لەسەر خاكو لە لایەكی دیكەوە بەبۆنەی بڵاوكردنەوەی پروپاگەندەی پان ئیسلامی لە ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٢دا لە نێو هۆزە كوردەكاندا

لەلایەن کەمالیستەکانەوە، بەهۆی ئەم پروپاگەندەیەوە کەمالیستەکان توانیان کۆمەکی زۆری هۆزەکانی کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن، هەروەها بەشداری کورد لە کوشتاری بەدناوی ساڵانی ١٨٩٤ـ١٨٩٥و ساڵی ١٩١٤دا بووە هۆی پەیدابوونی هەستێکی دوژمنکارانە لە نێوان هەردوو لادا. حەڵەب قەڵای پشتیوانی پارتی داشقان لە سوریا، خێرا بووە مەڵبەندی چالاکییەکانی (خۆیبونو داشقان)و بەدوایدا ناوەندی پروپاگەندەی ناسیونالیستە کوردەکانی هەرێمەکانی باکوری سوریا کە زۆربەی کوردی لێ دەژیا.



# ناسیونالیزمی خێڵەکییانە

ئەگەرچی خۆیبوون بزاڤێکی شارستانی بوو، پێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژی دیاری هەبوو، قورسایی خۆی خستبووە سەر ئەوەی هەستی نەتەوەیی لە ناو هۆزەکاندا ببزوێنێ. لەگەڵ ئەمەشدا سەرانی خۆیبون باوەڕی چەسپاویان بە گرنگیو بایەخی پەروەردەی خێڵەکیانەی نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردستان هەبوو.وەك لەم چەند خاڵەدا دەردەکەوێ، خۆیبون سەرکەوتوو نەبوو لە کۆمەکی سەربازی شۆڕشی ئاراراتدا، بەتایبەتی لە خڕکردنەوەی ئەرکی بەجێگەیاندنی هۆزەکاندا.

**یەکەم:** کۆنترۆڵکردنی توندوتیژی سنوور ئاستەنگ بوو لەبەردەم گروپە گەورەکانی هێزی هۆزەکاندا چ

لەسوریاوەو چ لەعێراقەوە بگەنە مەیدانی خەبات، خەسڵەتی توندوتیژی باوەڕی ئەنتی کەمالیستی خۆیبون بووە مایەی ئەوەی ئیدارەی فەرەنسی‌و ئینگلیزەکانی هۆشیارکردەوە. ساڵی ١٩٢٨ منداتی بەریتانی بە رێکەوتن لەگەڵ کۆمیساری باڵای فەرەنسییەکاندا، گەر گومانیان لە هاوڵاتییەکی سوری هەبوایە کە لە چالاکی کورد ـ ئەرمەنیدا بەشداریی کرد بێت فیزەیان بۆ عێراق نەدەدایە. بەتایبەتی پاش سەردانی جەلادەت بەدرخان بۆ بەغدا لەسەرەتای مانگی حوزەیراندا.

**دووەم:** ئەو بیرۆکانە بوون کە لە بیری هەستی خێڵەکییەوە بانگەوازیان بۆ جگەرسۆزی بۆ بیری ناسیۆنالیستی دەکرد. ئەمەش بە زەحمەتو گران بەتایبەتی لەلایەن هۆزەکانەوە کەوەك بەشێك لەنەتەوەیەك تەماشا دەکرانو بەتایبەتیش کە



ئەرمەنییەکانیشیان تێدا بێت وەردەگیرا.

**سێیەم:** خۆیبون سوور بوو لەسەرباوەڕی گەشەکردنی خەباتی چەکداری بەرابەرایەتی ناوەندێکی رێکخراوی سەربازی. مەعلومە کە گەلێ لە سەرەك هۆزەکان لەدژی ئەم باوەڕە راستبوونەوە، چونکە رۆڵی سەرەکی خۆیان لەبواری سەربازیدا لەدەست دەداو رەوایەتییان بە دەسەڵاتدارێتی خۆیان لە نەخشی خێڵەکی‌و نێوخێڵەکیدا دەدا.

جگە لەمانە خۆیبون توانی لە نێوان ١٩٢٧-١٩٣٠دا بە رێکوپێکی پروپاگەندەی خێڵەکی خۆی لەنێوان کوردانی سوریادا لە دیمەشق، حەڵەبو حەسەکە کە بەئاسانی دەیتوانی دەستی بگاتە ناوچە پێویستەکانی بڵاوبکاتەوە. پروپاگەندەی زیاتر لەناو ئاوارەکانی لەتورکیاوە هاتبوون بکات. ئەمانە

خەسڵەتێکی بەهێزی ئەنتی تورکو ئەنتی کەمالیستیان هەبوو. زۆربەی جار فەرەنسییەکان کوردە ناسیۆنالیستەکانیان دەپاراست، بەتایبەتی لە جەزیرە، چونکە لەوێ کۆمەکی دانیشتوانی ناوچەکەیان بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی چەسپاو پێویست بوو. خۆیبون لە عێراق کەمتر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لەبەرئەوەی زۆربەی دانیشتوانی ئەوێ مەیلی هەم هەستی خێڵەکیو هەم دنیای شاریان هەبوو. بەریتانیا جێی باوەڕی ئەوان بوو دان بە مافەکانی کورد لە عێراقدا بنێ. زۆر بیرۆکەی ناسیونالیستی کە خۆیبون بۆی تێدەکۆشا لە دەوروبەری ئەو رۆشنبیرانەوە هەڵکەوتبوون کە کەوتبوونە ژێر کاریگەرێتی بیروباوەڕی لیبەڕاڵی رۆژاوا. ئەم بیرۆکانە ئامانجی کوردە رۆشنبیرەکانی نیشاندەدا، دەتوانرێ بگوترێ کە ئەم بۆچوونانە لەلایەن هۆزو لایەنگرەکانیان وا بەسانایی نەدەهاتە قەبوڵکردن، کە هەموو ئاسۆی



بیرکردنەوەیان لەچوارچێوەی خێڵەکەیان، گوندەکانیانو هەستی خێڵەکی ناوچەیی خۆیاندا گیری خواردبوو.

لەبەردەم ئەم هۆیانەدا پێویست بوو پەیامی ناسیونالیستی خۆیبون بەشێوەیەکی بەهێز لەنێو بەرژەوەندی لایەنگرو سەرەك خێڵەکاندا بگونجێندرێت.

لە ئاکامدا پشتیوانی کاریگەربوونی سەرکەوتووانەی ئەو سەرەك خێڵانەی لە سوریا دەژیان بڕیاریاندا بیروباوەڕی خۆیبون لە ناوچە سەر سنوورییەکانو وڵاتەکانی دیکەوە بڵاوبکەنەوە. بەتایبەت لە جەزیرە لە١٩٢٧ بەدواوە پروپاگەندەی خێڵی رێکخراوەکە لەلایەن حاجۆ ئاغای هەڤەرکانی فیدراسیۆنی خێڵەکانو ئەندامی خۆیبونی لقی حەسەکە، کە ژیانو چالاکییەکان لەبەشەکانی دیکەی ئەم نووسینەدا روون

دەکرێتەوەو هەروەها لەلایەن موستەفا ئیبن شاهین بەگ بەرازییەوە رێکدەخرا. لە حەڵەبەوە سەرەك خێڵی بەرازی مستەفا ئیبن شاهین بەگ بەرازی جگە لەوەش نوێنەری پەرلەمانی سوری بوو بۆ ناوچەی جەرابلوز کارەکانی رادەپەڕاند.

ئەم خاوەن دەسەڵاتە گەورانە خۆیان لە بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیبون بەشداریان دەکرد بە شێوەیەکی‌وا یان خۆیان سەردانی سەرەك خێڵەکانیان دەکرد، یاخود نامەیان بۆ سەرکردەکانیان دەنووسی. حاجۆ ئاغا بەتایبەتی لەناو هۆزی ناوچەکانی نوسەیبین، ماردین‌و میدیات لە ئورفەوە لە نێو کوردی جەزیرە لە عێراق چالاك بوو، جگە لەمانەش بەردەوام نامەی بۆ هەندێ ناسیۆنالیستی کورد لە بەغدا دەنووسی، ئەو بیرۆکەو ئەدەبیاتە ناسیۆنالیستانەی خۆیبون لەنێو خێڵەکاندا بلاو



دەکردەوە، رامان‌و تێگەیشتنیان بۆ نەتەوەو کۆمەڵگای ئەو سەردەمە دەخستەڕوو، کە بە شێوەیەکی روون‌و ئاشکرا لە ژێر کاریگەرێتی هەستی نیشتیمانپەروەری سەدەی نۆزدەیەمی ئەوروپادا بوو.

ئەم بیرۆکانە زایەڵەی کەفوکوڵێکی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی بە کۆمەکی رامانێکی بەهێزی رۆمانسییەوە دەستەبەر دەکرد. زۆرجار گەلی کورد لەم پروپاگەندەیەدا وەك هەبونێکی نەتەوەیی یەکگرتوو نمایش دەکرا، کە لە (ab aeterno) هەبووە. بەمەش نەتەوەی کورد دەبووە هەبوونێکی مێژوویی، بۆ ژیاندنەوەی سەرلەنوێی پێویستی بەهەوڵ‌و ماندووبوونی یەکگرتووی نیشتمانپەروەرانی کورد هەبوو.

ڕەخنە لە هەستی ناسیونالیستی خێڵەکی بووە بەشێك لە گیانی ناسیونالی . بنەمای جگەرسۆزیو پابەندبوون بەتایبەتی بۆ مەزهەبو بەهای خێڵەکی بەشێوەیەکی ئاسایی ڕەتدەکرایەوە. دەستەگەری خێڵەکی هەمیشە وەك گورزی کوشندەی دووەم پاش تورکەکانو گرێدانی هەستی خێڵەکی وەك ڕاگەیاندنی بەرژەوەندی کەسی ڕووت هەڵسەنگێندرا. چەند بیروباوەڕێکی خۆیبون گونجانێکی سەرنجراکێشی سیمبولی ناسیونالیستیو بیرۆکەکانی لە تایبەتمەندیەکانی دەوروبەرە خێڵەکییەکاندا نیشاندا. یەکی لەو شتانەی لە نێو کوردانی سوریادا بڵاوببووەوە سوێندی وەفای خۆیبون بوو بەم جۆرە:

" سوێند بە ئابڕوو ئایندەکەم دەخۆم، کە لەم ڕۆژەوە ئەم پەیمانەم بەستووە بەدرێژایی دووساڵ چەك بە ڕووی هیچ کوردێکدا هەڵنەگرم، کاتێ لەلایەن ئەوەوە پەلاماری ژیانو ئابڕووم بدرێ یان پەلامار



بۆسەر ژیانو ئابڕووی کەسانێکی دیکە ببڕێم کە بەرانبەر سەلامەتییان لەسەر بنچینەی ئەرکی خانەوادەیی یاخود نەتەوەیی من بەرپرسیار بم. تا ئەم دوو ساڵە بەسەردەچێت، من هەموو هەراو دوژمنایەتییەك دوادەخەمو ئەوپەڕی هەوڵ دەدەم کە نەهێڵم خوێن ڕژان لە نێوان دوو کورد لەسەر شتی تایبەتی دروست ببێت. هەر کوردێك سەرپێچی ئەم ڕێکەوتننامەیە بکات، وەك ناپاکێکی نەتەوەکەی تەماشا دەکرێتو کوشتنی هەر ناپاکێك ئەرکە".

ئاشکرا دەبێت بەهای خێڵەکیوەك نامووسو ئایین بەشێکی فەرهەنگی ناسیونالیستیو پەیوەندی خێزانی بوونەتە هاومانای ئەرکە نەتەوەییەکان. لەسەر ئەمە دەستبەرداربوونی کردەوەی خێڵەکی وەك دوژمنایەتی بۆ ماوەی دووساڵ دیاری کرا تاوەکو لەلایەن لایەنگرانی خێڵەکانەوە بێتە پەسەندکردن.

هاوپەیمانێتی نێوان خۆیبون‌و داشناق لە کۆتایی ١٩٢٧دا لەکارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی ئەرمەنییەکان لەنێوان کوردی سوریاو عێراقدا رەنگ دەداتەوە، ئەمە گفتوگۆیەکە کە لەنێوان ئەرمەنێکی چالاك‌و کوردێکی خێڵەکی لەجەزیرە لەساڵی ١٩٣٠دا بووەو دراوە بە سیخوڕێکی بەریتانی (Air Force). ئەم گفتوگۆیە وەك بەڵگەیەك بۆ هەوڵی ئەرمەنییەکان لەپێناوی پتەوکردنی هاوپەیمانیتی (کوردی ـ ئەرمەنی) لەنێو هۆزەکاندا تەماشا دەکرێت.

A . (ئەرمەنییەکی چالاك) جیاوازی نێوان تۆو ئەرمەنییەك چییە؟

K. (کوردێکی خێڵەکی) ئایین .

A. ئەی مەسەلەی نەتەوایەتی ؟

K.هیچ نییە. کورد، ئەرمەن‌و یەزیدی هەموویان لەیەك بنەچەن، ئەویش ئەرمەنییە!.



ئەوە روونە کەوا ناسیونالیستی ئەرمەنی هەوڵیان داوە ئەفسانەی نەتەوایەتی لەنێو کوردان‌دا نەخش بکەن. کەوا ئەرمەن‌و کورد لەسەر بناخەیەکی، گوایە هاوبەشی پەیوەندارێتی ئێتنی یەك بخات. گەرچی کۆمیتەی نێوەندی خۆیبون هەر بۆ هەمان هۆ هەوڵیدا، کە رەوایەتی بە هاوپەیمانیتی کوردو ئەرمەن ببەخشێ‌و پاساو بدا، دیار بوو هیچ پروپاگەندەیەکی خێڵەکی ئەم ناوەڕۆکەی لەلایەن رێکخراوەوە بڵاوکردبێتەوە، چونکە زۆر هۆزو سەرەك هۆز هێشتا ئالۆزی‌و نارێکی نێوان ئەم دوو میللەتەی لەبیرنەچووبویەوە.

چالاکییەکانی خۆیبون‌و ناسیونالیستە ئەرمەنییەکان کورت تەمەن بوون، تاوەکو ئاکامێکی بەرچاو لەسوریا یان شوێنی دیکە بەدەست بهێنن. خۆیبون چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی‌و سیاسی بەرپاکرد

لەنێو ئەمەدا زۆر کوردی سوریا لە بـیری ناسیوناليسـتی نزيك بوونەوە، جگـە لەمانـە بـۆ ئـەم رێکخـراوە تـوانی ژمارەيـەکی زۆر گـەورە لـە هـەموو تويـژە جياجياکـانی جەماوەری خەڵك خڕ بکاتەوە.

### لەبڵاوکراوەکانی

### ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

(٢٠١٠ - ٢٠١٢)

| ز | بڵاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| 327 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح بروارى | ٢٠١٠ |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| 329 | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاکم قادر حەمەجان عزیز | ٢٠١٠ |
| 330 | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ک) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| 334 | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| 338 | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| 339 | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| 341 | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 342 | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| 343 | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| 344 | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| 345 | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| 346 | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| 347 | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| 348 | گۆڤاری کەلتور ژمارە (١) | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 349 | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| 350 | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| 351 | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| 352 | ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| 353 | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست رینان و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| 354 | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 355 | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| 356 | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| 357 | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| 358 | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| 359 | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| 360 | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| 361 | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 362 | گۆڤاری کەلتوور ژمارە (٢) | | ٢٠١٠ |
| 363 | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| 364 | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسيه:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| 365 | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز. (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| 366 | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| 367 | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ. ز. (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| 368 | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 369 | ئیسلام و مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ<br>ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| 370 | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بە کورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| 371 | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| 372 | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| 373 | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| 374 | ئاغا و شێخ و دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 375 | تاريخ الفكر الكردي | ماموستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| 376 | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| 377 | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| 378 | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ.<br>ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| 379 | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری (١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| 380 | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| 381 | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 382 | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| 383 | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| 384 | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| 385 | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| 386 | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| 387 | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| 388 | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| 389 | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 390 | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| 391 | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| 392 | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| 393 | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. ڕێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| 394 | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| 395 | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| 396 | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| 397 | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | شاكر | |
| 398 | ئاین‌و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| 399 | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| 400 | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| 401 | دیموکراسی‌و بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| 402 | ثورة کوردستان ومتغیرات العصر (الطبعة الثالثة) | حکمت محمد کریم<br>(ملا بختیار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اکبر | ٢٠١١ |
| 403 | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| 404 | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| 405 | فەلسەفەی سیاسی | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ئەریستۆتێلیس | | |
| 406 | جیهانگیری‌و کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| 407 | بەشداری سیاسی، چەمك‌و گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| 408 | رێکخراوی (S.I) سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| 409 | پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن‌و دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| 410 | بەهاری عەرەبی‌و نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| 411 | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١١ |
| 412 | حدود کوردستان الجنوبیة في سنجار حتی بدرة | عبدالرقیب یوسف | ٢٠١١ |
| 413 | النضال الدستوري للاستاذ ابراهیم احمد في العراق الجمهوري | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ز. هۆشیاری، ذ(٣٣) | | |
| 414 | کوردو تورکمان، تێڕوانینێك بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| 415 | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەکانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شکوور | ٢٠١١ |
| 416 | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| 417 | شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| 418 | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| 419 | پێنج لێکۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| 420 | پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندکریێ سێیەمین کۆنگرێ | مەڵبەندی (٤)ی ڕێکخستنی دهۆك | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | (ی. ن. ك) | بەشی روناکبیری | |
| 421 | ئالآ | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| 422 | تاريخ التبشير المسيحي في كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| 423 | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| 424 | کاریگەری قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووری ئەمریکا و جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| 425 | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی – کوردی) | ئامادەکردنی: د. نەهرۆ عەلی ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| 426 | کوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد کوردە | ٢٠١١ |
| 427 | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| 428 | کورد لەسوریاو ئاوەربایجانو ئەرمەنستان/ ز. نلمیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر ل. یالچین هێگمان و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| 429 | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی: حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| 430 | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| 431 | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مباديء العدالة | محمد ريبين حسن | ٢٠١٢ |
| 432 | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| 433 | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |



لە دەزگای چاپو پەخشی حەمدی چاپکراوە